# نامەیەک

# بۆ سەرۆکی ئەمریکا

بەڕێز: سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
مستر بیل کلینتۆن !

مــن نــاوم چــاپووك ( Chapok) خــەڵکی کوردســتانم لــە ســوید دادەنیشــم وەك ملیۆنــەها کــوردی تــر کاریگــەرم بــە تەســلیمکردنەوەی عەبدوڵا ئوجەلان. سەرەتا پێت دەڵێم من بە هیچ شـێوەیەك پەیوەنـدیم لەگـەڵ pkk نییـە، قـەت ئەندامیان نەبووم. بیرم کردەوە نامەت بۆ بنێرم لەبەر سێ هۆ:-

1-سـەرۆکی وڵاتێکـی تاکـە هێـز لـە دونیا وەك ئینسانێك خاوەن شوهرەیەکی باشی لە دونیا.

2-حەز ناکەم بچمە بەردەمی هیچ سەفارەتێك و پــۆلیس ســـەرم بشــکێنن و کــەس گــوێم لێ ڕانەگرێ.

3-لەو زانکۆیەی واتە زانکۆی Ukrina kiev کــە تــۆ بڕوانامــەی دکتــۆرای فــەخریت لێ وەرگرت،لە ماوەی سەردانی بۆ ئەوێ. من چوار ساڵم لێ خوێندوە،بـەڵام لەبـەر بـاری سیاسـی و ئـابووری وازم لێ هێنـا. واتــە وەك هاوڕێیــەکی زانکۆ کـە ئـەو کاتـە قوتـابی بـووم لـەوێ مافمـە نامەت بۆ بنێرم.



چاپووك و دکتۆر فوئاد مەعسوم

جێگـــەی داخێکـــی گەورەیـــە کـــە Ledar زەعیمێکـی میلـەتێك تەسـلیم بکرێتـەوە، USA سەرپەرشتی ئەو کارە بکات،چونکە تورکیا قەت نەیـدەتوانی بـێ USA ئـەو کـارە بکـات. لـە کاتێکدا ئێوە ئەم خزمەتە بە تورك دەکەن، تـورك کوردی لەسەر خاکی کوردستان لە هەموو مافێك بێ بـەش کـردووە، جگـە لـەوە ئـەم هەڵوێسـتەی

ئێـوە دژی بەیانەکـەی سـەرۆك (ویلسـون) سەرۆکی ئەمەریکای پێشوو کە لە ساڵی 1917 ڕاگەیانـدنی 14 خـاڵی بـۆ مافـە چارەنووسـی میللەتان داوا کرد. کـە مـن لـە ماوەی خوێندنی مێژوو لە کییڤ خوێندومە.

ئێـوە دەڵـێن عبداللـه ئوجـەلان تیرۆریستە. لـە کاتێکـدا حکومـەتی تـورکی بـە دەیـان هـەزار خـەڵکی کـوردی کوشـتووەو هـەزاران دێـی سـوتاندووەو زمان وکولتورومێـژووی ئێمـەی قەدەغـە کـردوە، وەڵامـی هـیچ شـێوە دیالۆگێك ناداتەوە.

لە کاتێکدا (یاسر عرفات)تان بە تیرۆریست ناو دەبرد،دوایـی لەگـەڵ دانیشـتن وخـەڵاتی نۆبـل پریسـی وەرگـرت لەبەرئـەوەی نـەوت و 23 دەوڵەتی عەرەبی لە پشت بوو.

ئێمـە لـە کاتێکدا میللەتێکی بێ کەسین، تـەنها لـەو قەڕنـە 7 سـەرکردەی کـورد بـە دەسـتی داگیرکـەر لـە سێدارەدراوەو کـوژراوە کەسـێیان لـەم (دە)سـاڵەی دوایـی و ئاخریـان عبداللـه ئوجەلان دەبێت.

وا ئێوە(2) کارەسات بەسەرمان بێنن،یەکێکیان لە ساڵی 1975 کە کوردتان کردە ویستەکانی شـای ئێـران دەمـەوێ ئـەم قسـەیەی قونصـلی ئـەمریکی لـە شـاری سـنەی کوردسـتانی ئێـران بهێنمەوە یادت کە بۆ هنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئـەو کـات بـە نامـە ناردبوی، دەڵـێ: ((ئێمـە لەگـەڵ کوردەکـان زۆر سیاسـەتێکی بـێ ڕەوشـتیمان نوانـد، نەهێشـتمان خۆیـان لەگـەڵ حکومـەتی عێـراق ڕێـك بکـەون نـە لـە ڕۆژی تەنگانەدا یارمەتیمان دان)).

سەرۆکی بەڕێز:-

من 7 ساڵ دژ بە ڕژێمی عێراق جەنگاوم، 11 ساڵە ئاوارەم. بە دەیان دیمەنی خەمناکم دیوە کـە بـە جۆرەهـا چـەك خـەڵك کـوژراوە لـەو شوێنانەی لێی ژیاوم، بەڵام نە بەچاو نەلەفیلمی کـاوبۆی، نـە لـەکاتی خوێنـدنی مێژوو کـە لـە زانکـۆی (کییـڤ) دەمخوێنـد لـە مێـژووی هـیچ میللـەتێك نەمـدیت سـەرۆکی میللـەتێك بـەو شـێوەیە تەسلیم بکرێتـەوە. نـاتوانم هـیچ بڵـێم تـەنها دووبارەکردنـەوەی قسـەی قونصـلی بـەڕێزتان کـە لـە سـاڵی 1975 وتـی سیاسـەتی ئێوە بەرانبەر کورد، دوورە لە ئەخلاق. مێژوو لە هیچ شتێك نابورێ.

لە کۆتایی سەرۆکی بەڕێز دەڵێم:-

مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵـێ: ئەگەر گوڵ نین دڕکیش مەبن.

با چیتر ئێمە قوربانی قاعدە عەسکەری تانجەلی نەبین کە لەلایەن حلیفی Nato لە کوردستانی تورکیا دانراوە.

چاوەڕوانی وەڵامی بەڕێزتانم.

Mosta.Chapok omar
Bredby plan 20-11R
163 71 Spanga
Sweden

Tele Fax/
0046-8-76014145